لوتی کەسێک بداتە ئەرز وبچێتە خۆڵ؛ ئەگەر ناوی منی لەلا باسبکرێت و سەڵاواتم لەسەر نەدات، لوتی کەسێک بداتە ئەرز وبچێتە خۆڵ؛ کاتێك مانگی ڕەمەزان دێت وتەواو دەبێت بەبێ ئەوەی لێخۆشبوونی خودایی بەدەست هێنابێت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لوتی کەسێک بداتە ئەرز وبچێتە خۆڵ؛ ئەگەر ناوی منی لەلا باسبکرێت و سەڵاواتم لەسەر نەدات، لوتی کەسێک بداتە ئەرز وبچێتە خۆڵ؛ کاتێك مانگی ڕەمەزان دێت وتەواو دەبێت بەبێ ئەوەی لێخۆشبوونی خودایی بەدەست هێنابێت، ولوتی کەسێک بداتە ئەرز وبچێتە خۆڵ؛ بگات بە دایك وباوکی لەکاتی بەتەمەن بوونیان ونەبنە هۆی ئەوەی بچێتە بەهەشتەوە بە خزمەتکردنیان».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دۆعای کردووە لەسەر سێ کۆمەڵ لە خەڵکی بەوەی لووتیان بداتە ئەرز وبچێتە خۆڵ بەهۆی زەلیلی وبێ نرخی وخەسارۆمەندیان: کۆمەڵی یەکەم: ئەوەی ناوی پێغەمبەری لەلا باسبکرێت -صلى الله عليه وسلم-؛ پاشان سەڵاواتی لەسەر نەدات بە ووتنی: -صلى الله عليه وسلم- یان دەستەواژەکانی هاوشێوەی. کۆمەڵی دووەم: ئەوەی بگات بە مانگی ڕەمەزان وتەواو بونی ولێخۆشبوونی پەروەردگار بەدەست نەهێنێت؛ بەهۆی ئەوەی کەمتەرخەم بووە لە ئەنجامدانی پەرستنەکان. کۆمەڵی سێیەم: پیاوێك بگات بە دایك وباوکی لەکاتی پیربوونیان؛ ونەبنە هۆی ئەوەی بچێتە بەهەشتەوە، چونکە خراپەکار بووە بەرامبەریان وکەمتەرخەم بووە لەئاست جێبەجێکردنی مافەکانیان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6014